Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

Euroopan unionin
osarahoittama

# لێدوانی پەنابەری

**بانگکراویت بۆ لێدوان لەگەڵ فەرمانگەی کۆچ. تکایە ئەو ڕێنماییانە بە وردی بخوێنەرەوە، کە ماف و ئەرکەکانتان ڕوون دەکەنەوە لە کاتی لێدوانەکەدا. ئەگەر هەر پرسیارێکتان هەیە سەبارەت بەم ڕێنماییانە، دەتوانیت لە سەرەتای لێدوانەکەدا پرسیار لە کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچ بکەیت.**



## لێدوانی پەنابەری چیە؟

- لێدوانی پەنابەری بریتییە لە چاوپێکەوتنێکی فەرمی لەگەڵ کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچ. لەو چاوپێکەوتنە دا دەبێت بە وردی هۆکارەکانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لە فینلەندا و هۆی ئەوەی کە ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت ڕوون بکەیتەوە.
- لە لێدوانەکەدا تەنها داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لەبەرچاو دەگیرێت. ئەگەر ئەندامانی خێزانەکەت لە فینلەندا هەیە، دەتوانیت داوای مۆڵەتی مانەوە بکەیت لەسەر بنەمای پەیوەندی خێزانی. پێویستە داواکارییەکی جیاواز بە پارە پێشکەش بکەیت بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی نیشتەجێبوون.

## لێدوانەکە چۆن، کەی و لە کوێ دەکرێت؟

- لەگەڵ ئەم ڕێنماییانە بانگهێشتنامەیەکت بۆ هاتووە بۆ لێدوانەکە. لەودا دەوترێت چۆن، کەی و لە کوێ لێدوانەکەت ڕێکدەخرێت.
- لێدوانەکە بە دەنگ تۆمار دەکرێت و ئەگەر ویستت دەتوانیت داوای تۆمارەکە بۆ خۆت، بکەیت. تۆمارەکە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەر ناڕوونییەک هەڵدەگیردرێت و فەرمانگەی کۆچ نایدا بە لایەنەکانی دەرەکی.
- لەوانەیە کامێرای چاودێری لە ژووری لێدوانەکەدا هەبێت کە وێنە تۆمار دەکات.
- لێدوانەکە وەکوو یاداشتنامە دەنووسرێت (تۆماری نووسراوی لێدوانەکە).
- هەموو ئەو شتانەی لە کاتی لێدوانەکەدا دەیڵێیت نهێنییە. ئەو زانیاریانەی کە تۆ دەیڵێیت بۆ کەسی تر ئاشکرا ناکرێن جگە لەو دەسەڵاتانەی کە پێویستن بۆ تاوتوێ کردنی بابەتەکەت و مافی دەستگەیشتن بە زانیارییان هەیە وەک لە یاسادا پێناسە کراوە.
- لە بانگێهێشتنامەکەدا دیاری دەکرێت ئەگەر لێدوانەکەت لە ڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆییەوە ڕێکبخرێت. دەتوانی زانیاریی زیاتر سەبارەت بەو لێدوانانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆییەوە ڕێکدەخرێن لە ماڵپەڕی فەرمانگەی کۆچ **migri.fi/turvapaikanhakijan-asiointi** بخوێنییەوە.
- ناتوانیت لێدوانەکە بەبێ هۆکارێکی ڕەوا دوابخەیت. ئەگەر لە ڕۆژی لێدوانەکەدا نەخۆش کەوتیت، دەبێ دەستبەجێ فەرمانگەی کۆچ ئاگادار بکەیتەوە. ئەگەر پێویست بوو دەتوانیت یارمەتی لەم بارەیەوە لە ناوەندی پێشوازیکردن وەربگریت. پێویستە هۆکارێکی ڕەوا ڕابگەیەنیت یان ڕاپۆرتێک لە پەرستار یان پزیشکی ناوەندی پێشوازیکردن سەبارەت بە نەخۆشییەکەتەوە پێشکەش بە فەرمانگەی کۆچ بکەیت و بە زووترین کات یان لە ماوەی 1 حەفتەی دوای ڕۆژی لێدوانەکە دا ئەوە ئەنجام بدەن. ئەگەر بەبێ هۆکارێکی ڕەوا لێدوانی پەنابەریت لەدەست چوو، وا دادەنرێت کە داواکارییەکەت بە ناڕاستەوخۆ کشاندۆتەوە و تاوتوێ کردنی بابەتەکەت کۆتایی پێدەهێنرێت.

## لە لێدوانەکەدا کێ ئامادە دەبن؟

تەنیا ئەو کەسانەی کە بانگکراون بۆ لێدوانەکە و ئەو کەسانەی تری کە پێشوەختە لەگەڵ فەرمانگەی کۆچ ڕێککەوتوون بۆ بەشداربیان، ڕێگەیان پێدەدرێت بەشداری لێدوانەکە بکەن. لێدوانەکە ئەو کەسانەی لەوانەیە لێ بێت؛ کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچ، واتە لێدوانکار، و بەپێی دۆخەکە، وەرگێر، یاریدەدەر، نوێنەر، چاودێری بەرژەوەندی یان کەسی پشتیوانی، ئەگەر داوای کەسێکی پشتیوانیت کردبێت بۆ لێدوانەکە و ئەوان مۆڵەتیان لە فەرمانگەی کۆچ وەرگرتووە بۆ ئامادەبوون لە لێدوانەکەدا. سەبارەت بە ڕۆڵی بەشداربووان لە ماڵپەڕی فەرمانگەی کۆچ زیاتر بخوێنەوە **migri.fi/turvapaikanhakijan-asiointi**

## لە لێدوانەکەدا چ مافێکم هەیە؟

- مافت هەیە لە لێدوانەکەدا یاریدەدەر بەکاربهێنیت. یاریدەدەر بە تێبینی خۆی بەشداری لێدوانەکە دەکات.
- ئەگەر تۆ پەناخوازێکی گەورەساڵ بیت، پێویستە خۆت یاریدەدەرێک ڕێکبخەیت. ئەگەر بۆ لێدوانەکە یاریدەدەرێک ڕێکنەخەیت، ئێمە لێدوانەکە بەبێ یاریدەدەر ئەنجام دەدەین.
- ئەگەر منداڵێکی کەم تەمەنی بێسەرپەرشت بیت، نوێنەرەکەت هەمیشە لە لێدوانەکەدا ئامادە دەبێت. نوێنەرەکەت ئەگەر پێویست بوو یاریدەدەرێکت بۆ لێدوانەکە ڕێکدەخات. ئەگەر نوێنەرت نەبێت، سەرپەرشتیارەکەت لە فینلەندا لە لێدوانەکەدا ئامادە دەبێت.
- لە لێدوانەکەدا وەرگێر دەبێت. ئەرکی وەرگێر ئەوەیە کە بێلایەنانە هەموو ئەو شتانە وەربگێرێت کە لە لێدوانەکەدا دەگوترێ. وەرگێر یان لە شوێنەکەدا ئامادە دەبێت یان دەتوانێت لە ڕێگەی تەلەفۆن یان ڤیدیۆوە وەرگێڕی بکات.
- ئەگەر هۆکارێکی ڕەوات هەیە ئارەزووی ئەوە بکەیت کە وەرگێر یان لێدوانکارەکە ژن یان پیاو بێت، تکایە زۆر پێش لێدوانەکە کارمەندی ناوەندی پێشوازی ئاگادار بکەرەوە. ناوەندی پێشوازی داواکارییەکەت دەنێرێت بۆ فەرمانگەی کۆچ. فەرمانگەی کۆچ هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە دەکات کە ئایا هۆکارەکە ڕەوایە یان نا. ئەگەر لە یەکەیەکی دەستبەسەرکردن یان دامەزراوەیەکی تردایت، لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بە کارمەندەکە بڵێ. ئەگەر تۆ منداڵێکی کەم تەمەنی بێ سەرپەرشتیت، داوای یارمەتی لە نوێنەرەکەت بکە.
- لێدوانکار و کەسانی تر کە لە لێدوانەکەدا ئامادەن، پابەندن بە ئەرکی نهێنی ڕاگرتن، واتە ئەوان ناتوانن ئەوەی لە کاتی لێدوانەکە دا دەبیبیسن لە دەرەوەی لێدوانەکە بە کەسی تری بڵێن. بەڵام ئەو شتانەی کە لە لێدوانەکەدا باسیان دەکەیت، لەوانەیە کاریگەرییان هەبێت لەسەر تاوتوێ کردنی داواکاری ئەندامی خێزانەکەت. لەم جۆرە بارودۆخانە دا بابەتەکانت لە دۆسیەی ئەندامی خێزانەکەتدا لەبەر چاو دەگیردرێن. بەڵام دەکرێ ئەو شتانەی کە تۆ پێمان دەڵێیت لە ئەندامی خێزانەکەت بشارینەوە ئەگەر ئاشکراکردنیان ببێتە هۆی مەترسی یان زیانێک بۆ تۆ یان کەسە نزیکەکانت. دەتوانی لە لێدوانەکەدا بۆچوونی خۆت لەسەر ئەم بابەتە دەربڕیت.
- بەڵگەنامەکانی تایبەت بە تۆ بە شێوەیەکی گشتی نهێنین.
- ئەگەر منداڵێکی کەم تەمەنی بێسەرپەرشت بیت، فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت بەدوای دایک و باوکت یان سەرپەرشتیارێکی ترت بگەڕێن واتا بارودۆخیان ڕوون کەنەوە. سەرپەرشتیارێکی ترت ئاماژەیە بۆ کەسێک کە لە وڵاتی خۆتدا ئاگاداری تۆ بووە. تەنها ئەو زانیارییانەی کە پێویستن بۆ ڕوون کردنەوەی بارودۆخی ئەوان بەکاردەهێنرێن. فەرمانگەی کۆچ بە شێوەیەک بەدواداچوونەکە ئەنجام دەدات کە زیان و ناڕەحەتی بۆ تۆ یان کەسە نزیکەکانت نەبێت. لە لێدوانەکەدا، فەرمانگەی کۆچ پرسیارت لێدەکات دەربارەی بۆچوونەکانت سەبارەت بە گەڕان و ئەو زانیاریانەی کە لەوانەیە یارمەتیدەر بن لە گەڕانەکە دا.

## لە لێدوانەکەدا چ ئەرکێکم هەیە؟

- ئەرکتە کە هاوکاری بکەیت و ڕاستی بڵێیت.

- ئەرکتە هەموو هۆکارەکانی داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت باس بکەیت و ڕوونبکەیتەوە. تا بتتوانیت بە وردی وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.
  - ئەگەر تۆ بەبێ هۆکارێکی ڕەوا وەڵامی پرسیارەکان نەدەیتەوە، و لەبەر ئەوە لە ڕێگەی لێدوانەکە زانیاریی پێویست سەبارەت بە هۆکاری پەنابەریت بەدەست نەیە، وا دادەنرێت داواکارییەت بە ناڕاستەوخۆ کشێنراوەتەوە و تاوتوێی بابەتەکەت کۆتایی پێ دێت.
- ئەگەر ڕاستیەکان نەڵێیت، لەوانەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر داواکارییەکەت هەبێت. ڕاستیەکان بڵێ و هیچ زانیارییەک کە پێویست بێت بۆ داواکارییەکەت مەشارەوە.
- تکایە ئاگادار بە کە پێشکەشکردنی زانیاری هەڵە یان شاردنەوەی زانیاری ڕاست لەوانەیە دواتر ببێتە هۆی کشانەوەی مۆڵەتێک کە پێشتر پێدراوە و لەوانەیە تاوتوێی بابەتەکانی ترت توندتر بکات.
- لێدوانکار یارمەتیت دەدات و ڕێنماییت دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانت بە پرسیارکردن. ئەمە بابەتە هەستیار یان سەختەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها لە بەرژەوەندی خۆتدایە کە پرسە سەختەکانیش ڕوون بکەیتەوە. لەوانەیە ئەوان بۆ داواکارییەکەت زۆر گرنگ بن.
  - ئەگەر قسەکردن لەسەر هەندێک پرس بەزەحمەت بوو، دەتوانیت ئەمە بۆ لێدوانکار باس بکەیت. گرنگە هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە داواکارییەکەتەوە پێمان بڵێیت، چونکە بڕیارەکە لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە دەبێت کە لە لێدوانەکەدا دەیدەیت.
- ئەگەر لێدوانکار هەستی بە هەر ناڕوونییەک یان ناکۆکییەک کرد لە چیرۆکەکەتدا، ئەوە دەرفەتت پێدەدرێت کە بابەتەکە ڕوون بکەیتەوە.
- زانیارییە کەسییەکانت لە لێدوانەکەدا پشکنینیان بۆ دەکرێت. زانیاری کەسی بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای بەڵگەنامەکانە پشتڕاست دەکرێنەوە. ئەگەر دەتەوێت دوای لێدوانەکە زانیارییە کەسییەکانت بگۆڕیت، پێویستت بە پاسپۆرت یان بەڵگەنامەیەکی تری ناسنامەی فەرمی دەبێت.
- فەرمانگەی کۆچ زانیارییە کەسییەکان و بنەماکانی داواکاریی تۆ لە سیستەمی تاوتوێ کردنی بابەتەکانی بێگانەکاندا هەڵدەگرێت، کە تۆمارێکی فەرمییە.
- پێدانی زانیاری کەسی ساختە بە بەرپرسێک یان پێدانی زانیاری ناڕاست بۆ تۆماری فەرمی تاوانێکە کە سزا دەدرێت. لە فینلەندا بەرپرسیارێتی تاوانکاری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان ١٥ ساڵ و سەرووترە.

## چۆن بتوانم خۆم بۆ لێدوانەکە ئامادە بکەم؟

- لە لێدوانەکەدا پێویستە بە وتەی خۆت هۆکاری داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی ڕوون بکەیتەوە. دەتوانیت بە نووسینی ڕێکەوت و ناوی گرنگ خۆت بۆ لێدوانەکە ئامادە بکەیت. ئامادەکاری پێشوەختە وا دەکات کە لە لێدوانەکەدا ئەزموونەکانت ئاسانتر ڕوون بکەیتەوە.
- هەموو ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەستن بە داواکارییەکەتەوە و هێشتا پێشکەشی فەرمانگەی کۆچت نەکردووە، بهێنە بۆ لێدوانەکە. ئامادەبە بە کورتی ڕوونی بکەیتەوە کە بەڵگەنامەکان چۆن پەیوەندییان بە هۆکاری پەنابەرییەکەتەوە هەیە. بەڵگەنامەکان دەتوانن بۆ نموونە بەڵگەنامەی ناسنامە، بەڵگەنامەی فەرمی تر، بەڵگەی پزیشک و بابەت و بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی کە پەیوەندییان بە چیرۆکەکەتەوە هەیە، لەخۆ بگرێت. بەڵگەنامەکان هەروەها بۆ ئەوە گرینگن چونکە لە کاتی تاوتوێ کردنی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی هەڵدەسەنگێندرێت کە ئایا تۆ هۆکارت هەیە بۆ مۆڵەتی مانەوە بە هۆکاری تر، وەک هۆکارێکی مرۆیی تاکەکەسی.
- پێش لێدوانەکە هەموو ئەو ڕێنمایی و بروشورانە بخوێنەرەوە کە لە لایەن بەرپرسانەوە وەرتگرتووە.

- دڵنیابە لەوەی کە لە کاتی خۆیدا دەگەیتە لێدوانەکە. لە ناوەندی پێشوازی ڕێنمایی دەکرێی سەبارەت بە چۆنیەتی گەیشتن بەو شوێنە. ئەگەر تۆ منداڵێکی کەم تەمەنی بێ سەرپەرشت بیت، سەنتەری پێشوازی دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە دەتوانیت بەشداری لێدوانەکە بکەیت. ئەگەر لە فینلەندا سەرپەرشتیارێکت هەیە، ئەرکی سەرپەرشتیارەکەتە دڵنیابێت لەوەی کە دەتوانیت بەشداری لێدوانەکە بکەیت.
- لە بیرت بێت کە لێدوانەکە لەوانەیە چەند کاتژمێرێک بخایەنێت. پشووی نیوەڕۆ و پشووەکانی تریش ئەگەر پێویست بوو دەدرێن. هەمیشە دەتوانیت داوای پشوویەک بکەیت. نانی نیوەڕۆ یان پارەی خواردن و، هەروەها هەر دەرمانێک کە لە ڕۆژدا پێویستت پێی دەبێت، لەگەڵ خۆت بهێنە.
- نابێت منداڵان لەگەڵ خۆت بهێنیت مەگەر بانگهێشت کرابن بۆ لێدوانەکە. ئەگەر لە لێدوانەکەدا پێویستت بە چاودێرێک بوو بۆ منداڵەکەت، تکایە لە کاتی گونجاودا ناوەندی پێشوازیکردنەکەت ئاگادار بکەرەوە.
- ئەگەر پێویستییەکی تایبەتت هەیە بۆ لێدوانەکە، بۆ نموونە بەهۆی تەندروستی خۆتەوە، تکایە دەستبەجێ ناوەندی پێشوازی ئاگادار بکەرەوە. بۆ نموونە دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت بەهۆی کەمئەندامی یان کێشەیەکی تەندروستی یان پشتگیری ئەگەر قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بیت. ئەگەر تۆ منداڵێکی کەم تەمەنی بێ سەرپەرشتیت، داوای یارمەتی لە نوێنەرەکەت بکە. ئەگەر لە یەکەیەکی دەستبەسەرکردن یان دامەزراوەیەکی تردایت، کارمەندەکە لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت ئاگادار بکەرەوە. ناوەندی پێشوازی، نوێنەر یان یەکەی دەستبەسەرکردن دەتوانێت پێش لێدوانەکە پەیوەندی بە فەرمانگەی کۆچەوە بکەن.
- ئەگەر فەرمانگەی کۆچ پێی وایە بێت کە تۆ ناتوانیت بەشداری لێدوانەکە بکەیت بەهۆی هۆکاری هەمیشەیی کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی تۆیە، لێدوان ڕێکناخرێت. لەم بارودۆخەش دا، هەروەها دەرفەتت دەبێت کە زانیاریی زیاتر بە نووسراو پێشکەش بە فەرمانگەی کۆچ بکەیت.

## لە لێدوانەکەدا چی دەبێت؟

- سەرەتا لێدوانکار ڕوونی دەکاتەوە کە لە لێدوانەکەدا چی ڕوودەدات. لێدوانکار دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە تۆ لە ماف و ئەرکەکانت تێگەیشتووی کە لەم ڕێنماییانەدا هاتووە. ئەگەر پێویست بوو لێدوانکار ماف و ئەرکەکانت بۆ ڕوون دەکاتەوە. پرسیار بکە ئەگەر لە شتێک تێناگەیت.
- لێدوانکار پرسیار دەکات کە ئایا تۆ و وەرگێڕەکە لە یەکتر تێدەگەن؟ ئەگەر لە وەرگێڕ تێنەگەیشتی باس بکە.
- لێدوانکار ڕوون دەکاتەوە کە ئایا هیچ گۆڕانکارییەک لە تەندروستی تۆدا ڕوویداوە یان نا. دوای ئەمە لێدوانکار پێداچوونەوە بە زانیارییە کەسییەکانت دەکات و لەوانەیە داوای زانیاری پاشخانی تۆ بکات.



- بە وردی گوێ لە ڕێنماییەکانی لێدوانکارەکە بگرە.
- دواتر ڕوونی دەکەینەوە کە بۆچی ناچار بوویت لە وڵاتی خۆت هەڵبێیت و بۆچی ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەوێ. لێدوانکار هانت دەدات کە بە ئازادی و بە وردی باسی هۆکارەکان بکەیت کە بۆچی داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت. هەروەها لێدوانکار ڕێنماییت دەکات، ئەگەر پێویست بوو، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە داواکارییەکەتەوە هەیە.
- دوای ئەوەی هۆکاری داواکارییەکەت ڕوونکردەوە، لێدوانکار پرسیاری زیاترت لێدەکات بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە گرینگەکان.
- هەروەها لێدوانکار لەوانەیە وردتر پرسیارت لێ بکات سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونت یان بابەتەکانی تر کە پەیوەندییان بە تاوتوێ کردنی کەیسەکەتەوە هەیە.

- ئەگەر لە پرسیارێک تێنەگەیشتیت، بە لێدوانکار بڵێ. لێدوانکار پرسیارەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە.
- درێژی ماوەی لێدوانەکە دەگۆڕێت. دەتوانی لە هەر قۆناغێکی لێدوانەکەدا داوای پشوو بکەیت.
- لە لێدوانەکەدا فەرمانگەی کۆچ لەوانەیە پرسیارت لێ بکات سەبارەت بەو زانیاریانەی کە لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری کەیسەکەت هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ گومانت لێدەکرێت لە فینلەندا یان بە تاوانێک لە فینلەندا سزا دراویت، ئەمە لەوانەیە کاریگەری لەسەر تاوتوێ کردنی کەیسەکە هەبێت لەلایەن فەرمانگەی کۆچەوە. ئەگەر پێویست بوو، فەرمانگەی کۆچ دەرفەتت پێدەدات کە لە لێدوانەکەدا بۆچوونی خۆت لەسەر ئەو بابەتە دەرببڕیت.
- یاداشتنامەیەی لێدوانەکە دادەڕێژرێت. لێدوانکار لەگەڵ تۆدا بە بەشێک یان بە تەواوی یاداشنامەکە دا دەچێتەوە، ئەگەر فەرمانگەی کۆچ بە پێویستی بزانێت. ئەگەر لێدوانکار لە لێدوانەکەدا لەگەڵ تۆ بە تەواوی یاداشنامەکە دا نەچێتەوە، ئەوە وادەیەکت پێدەدرێت کە تا ئەو کاتە دەتوانیت زیادکردن و ڕاستکردنەوە پێشکەش بکەیت بۆ نووسینیان لە یاداشتنامەکە دا. کۆپییەکی یاداشنامەکە بۆ خۆت وەردەگریت.
- لە کۆتایی لێدوانەکەدا، ڕێنماییەکانت پێ دەدرێت کە لینکی زانیاریی زیاتریان تێدایە، بۆ نموونەسەبارەت بە چۆن ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش بە فەرمانگەی کۆچ بکەیت و چۆن خۆبەخشانە بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت. هەروەها دەتوانی لە ڕێگەی ئەم کۆدانەی QR دەستت بگات بە لینکەکان:

**migri.fi/turvapaikkahakemuksen-kasittely**

**voluntaryreturn.fi/etusivu**

- گرنگە لە لێدوانەکەدا هەموو هۆکارەکانی داواکاریەکەت ڕوون بکەیتەوە. ئەگەر هۆکاری نوێت هەیە دوای لێدوانەکە یان دەتەوێت زانیاری نوێ سەبارەت بە هۆکاری پێشووت بدەیت، دەستبەجێ فەرمانگەی کۆچ یان دادگای گوێگرتن لە تانەکەت ئاگادار بکەرەوە.

## دوای لێدوانەکە چی دەبێت؟

- هەوڵدەدەین لێدوانەکە لە ماوەی دیاریکراودا تەواو بکەین. ئەگەر لێدوانەکە تەواو نەبوو لە ڕۆژێکی تردا بەردەوام دەبێت. لەم بارودۆخە دا بانگهێشتنامەیەکی نوێت بۆ دێت بۆ لێدوانەکە.
- دەتوانیت زانیاریی زیاتری کە پەیوەندی بە داواکارییەکەتەوە هەیە تا بڕیار لەسەر داواکارییەکەت وەردەگریت بنێریت. تکایە ئاگاداربن کە مەرج نییە لە بڕیارەکەدا زانیاریی زیاتر کە لە دوای وادەی دیاریکراو پێشکەش دەکرێت، لەبەرچاو بگیرێت. تکایە زانیاریی زیاتر بە نووسراو پێشکەش بکە.
- فەرمانگەی کۆچ داواکارییەکەت تاوتوێ دەکات و بڕیار دەدات کە ئایا دەتوانرێت پاراستنی نێودەوڵەتی یان مۆڵەتی مانەوەت پێبدرێت بە هۆکاری تر، وەک هۆکاری مرۆیی تاکەکەسی یان لەبەر ئەوەی بوویت بە قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.
- لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی کە لە کاتی لێدوانەکەدا داوتە، بەڵگەکانی تری پێشکەشت کردووە و زانیاییەکانی سەر ناوچەکەت، فەرمانگەی کۆچ بڕیار لەسەر بابەتەکەت دەدات. هەروەها فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە سەرچاوە گشتییەکانەوە بەدوای زانیاری پەیوەندیدار بە بڕیارەکەدا بگەڕێت.
- ئەگەر پێویست بێت، فەرمانگەی کۆچ لەوانەیە زانیاری لەسەر ڕەسەنایەتی بەڵگەنامەکانت لە وڵاتی خۆتەوە وەربگرێت. دەسەڵاتداران ئاگاداری ئەمە نابن، لێکۆڵینەوەش مەترسی لەسەر تۆ و کەسە نیزیکەکانت دروست ناکات.
- ئەگەر داواکارییەکەت ڕەتکرایەوە، لەوانەیە تۆ بگەڕێندرێیتەوە و هاتنت بۆ فینلەندا و وڵاتانی تری شنگن قەدەغە بکرێت.

- دەرفەتت هەیە لە هەر قۆناغێکی پرۆسەی پەنابەریدا داوای گەڕانەوەی خۆبەخشانە بە یارمەتی بۆ وڵاتی خۆت بکەیت. ئەگەر داواکارییەکەت ڕەتکرایەوە یان داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی کشاندەوە، ئەوە مافی ئەوەت هەیە داوای پشتگیری بکەیت بۆ گەڕانەوەی خۆبەخشانە. هەندێک مەرج هەیە بۆ پێدانی پشتگیری و ئەمانە کاتێک داوای پشتگیری دەکەیت پشکنینیان بۆ دەکرێت. لە سەنتەری پێشوازی خۆت داوای ئامۆژگاری بکە یان زانیاریی زیاتر و وردەکاری پەیوەندیکردن بۆ ئامۆژگاری گەڕانەوەی فەرمانگەی کۆچ لە ماڵپەڕەکەدا ببینە:

**migri.fi/paluu** یان **voluntaryreturn.fi/etusivu**

- ئەگەر بتەوێت تانە لە بڕیارەکە بدەیت، ڕێنماییەکانی تانەدان هاوپێچ لەگەڵ بڕیارەکەدا دەبینیت
- ئەگەر تۆ لەگەڵ هاوسەرەکەت، منداڵە کەم تەمەنەکانت یان کەسێکی پێگەیشتوودا کە ئاگاداری لێ دەکەیت داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەیت، بە گشتی بڕیارێکی هاوبەش وەردەگرن، مەگەر فەرمانگەی کۆچ پێیوابێ کە بڕیاری جیاواز لە کەیسەکەتدا ڕەوایە. لێدوانکار لە کاتی لێدوانەکەدا لێت دەپرسێت ئایا هیچ هۆکارێکت هەیە بۆ ئەوەی داوا بکەیت بڕیاری جیاواز بدرێت.
- ئەگەر دواتر هۆکاری نوێت بۆ پەنابەری بۆ پێشهات، دەستبەجێ فەرمانگەی کۆچ یان ئەو دادگایەی کە گوێ لە تانەدانەکە دەگرێت ئاگادار بکەرەوە. ئەگەر بە زووترین کات بابەت و زانیارییە نوێیەکان باس نەکەیت، ئەگەری ئەوە هەیە کە پشکنینیان بۆ نەکرێت ئەگەر داواکارییەکی دواتر لەسەر بنەمای ئەوان پێشکەش بکەیت.